لەدرێژەی کەمپینی ئەنفال جینۆسایدا

## چەند ئەندام پەرلەمانێکی سویدی پشتگیری دەکەن

وەک هەموو لایەک ئاگادارن نزیک بە هەفتەیە کە ناوەندی چاک /سوید کەمپینێکی ساز کردوە لەوڵاتی سویدا بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید ، کە دەبێت ئەوە بڵێین ئەم کارە بەدەر لەوەی کارەکی سەرەتایە لەنێو گەلی کوردا ، لەتەک ئەمەشدا پێویستی بەهاوکاری هەموو هاوڵاتیەک هەیە کەلەوڵاتی سوید دەژێت ، خۆش بەختانە لە چەند ڕۆژی رابردودا کۆمەڵێک هەوڵ وچالاکی باش دراوە لەلایەن ئەندامان و دۆستانی چاک /سوید .

یەکێک لەوکارە گرنگانە ئەوەیە کە یەکەم جارە پۆلێک ئەندام پەرلەمان لەولاتێکی ئەورپیدا دان بەوە دادەنێن کە ئە نفال جینۆسایدە ، ئەم 5 پەرلەمانتەرە بەرێزەش ئەمانەن

1/ یەعقوب یوهانسۆن ئەندامی پەرلەمانی ئەورپا و سوید لە پارتی چەپی سوید
2/هانسۆن لینا ئەندام پەرلەمان سوید و راوێژکاری پارتی چەپی سویدی لە وەزاراتی دەرەوی سوید
3/ میکائیل یۆهانسۆن ئەندام پەرلەمانی پارتی ژینگە ی سویدی
4 /فردریک مالم ئەندام پەرلەمان لە سەر لیستی پارتی گەلی سویدی
5/ ئێگۆن فرید ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی چەپی سویدی .

ناوەندی چاک/سوید

20061031